حکومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# خوێندنی کوردی

## قۆناغی بنەڕەتی – پۆلی سێیەم

## وەرزی یەکەم

لیژنەی دانان

صادق احمد عثمان
ناهده رحمان ابراهیم
عبدالله حسن قادر
اسماعیل محمد عبدالله
گوڵنار حمدأمین عزیز
سلیم علی عمر خالد
احمد علی محمدأمین
نەمام جلال رشید
رشید مصطفی عبدالله عمر
محمود عبدالکریم قادر
سعدی حمەعزیز حمەشریف
چیمەن محمود عبدالله
اسعد عزیز محمد
ئاوات ابوبکر أحمد محمد
پروین محسن عبدالکریم
انور عارف حسین
بیان أحمد رشید
ئەژین صالح أحمد
حسێن علی محمد
خلیل حمدأمین خضر

چاپی دووەم ١٤٤٤ کۆچی ٢٠٢٣ زاینی ٢٧٢٣ کوردی

**هەڵسەنگاندنی زانستی**
١- د. صباح رشيد قادر
٢- د.ابراهيم قادر محمد

**هەڵسەنگاندنی دەرونزانی**
يوسف عثمان حمد

**سەرپەرشتی زانستی چاپ**
چيمەن كريم حمە أمين
ناهدە رحمان ابراهيم

**سەرپەرشتی هونەری چاپ**
عوسمان پيرداود كواز
خاليد سەليم محمود

**نەخشەسازی**
نەجمەدين جبرائيل ئەسعەد(بيری)

**تابلۆی بەرگ و نيگارەكان**
ئاريان عبدالخالق سەرسام

**نەخشەسازی بەرگ**
ئاری محسن أحمد

**تايپيست**
كاژين احمد حسن

**جێبەجكردنی بژاری هونەری**
نێرگز نورالدين كاكە مصطفی

ناوی قوتابی: ..............................................................

پۆل و هۆبە: ..................................................................

ناوی قوتابخانە: .........................................................



# پێشەکی

ئەم کتێبە بەپێی بنەما زانستی و پەروەردەییە هاوچەرخەکان و خوێندنی زمانی دایك لەم سەردەمەدا دانراوە و تەواوکەری کتێبی پۆلی یەکەم و دووەمی خوێندنی زمانی کوردییە. کتێبەکە نەخشەڕێگای خوێندن و پیادەکردنی هەیە و لە ڕێبەر و دوو وەرز و هەر وەرزێك لە چەند یەکەیەك و چەند دەقێك پێکهاتووە، هەروەها لەدوای هەر دەقێکیشدا چەندین چالاکی و ڕاهێنان هەیە، کە تیایاندا قوتابی دەکاتە چەقی پرۆسەی خوێندن و هۆکارێکن کە بۆ ورووژاندنی بیر و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و یارمەتیدەرێکی باش و گونجاویشن بۆ مامۆستا لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی قوتابییاندا، لەکۆتایی کتێبەکەشدا فەرهەنگۆکێکمان بە هەر چوار زارەکانی زمانی کوردی (کرمانجیی سەروو، کرمانجیی ناوەڕاست، کرمانجیی خواروو و گۆران) داناوە.

کتێبەکە لەلایەن لیژنەیەکی ئەکادیمی دانراوە کە پێکهاتوون لە (پسپۆڕان و سەرپەرشتیاران و شارەزایان و مامۆستایانی زانکۆ و شارەزای دەروونناسی و دیزاینەر و نیگارکێشی بەتوانا و دەسترەنگین)، هەروەها لە دانانی کتێبەکەدا فەرهەنگ و ژینگەی کۆمەڵایەتی و پێداویستییەکانی ژیان و پەیوەندارییان و پرسی جەندەر لەبەرچاوگیراون.

بێگومان هەرکارێك هەرچەندە تازە و هاوچەرخیش بێت بەبێ هەڵە و کەموکوڕی نابێت، بۆیە داوا لە هەموو ئەو دڵسۆزانە دەکەین، کە بەلایان گرنگە پرۆگرامەکانی خوێندن بە گشتیی و پرۆگرامەکانی خوێندنی زمانی کوردی لە بەرەو پێشبردن و گەشەپێدان نەوەستن بە تێبینی و سەرنجە (زمانەوانی و زانستی و هونەرییەکانیان) کتێبەکە پوختەتر و جوانتر بکەن و بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکانی بنێرن، ئێمەش بە سینگێکی فراوان وەریاندەگرین و لێکۆڵینەوەی لێدەکەین و ڕاست و دروستەکانیان لە چاپەکانی داهاتوودا جێگایان دەکرێتەوە.

**لیژنەی دانانی کتێب**

# نەخشەی دانانی کتێبی خوێندنی کوردی

## (پۆلی سێیەمی بنەڕەتی)

### وەرزی یەکەم

| بابەتەکان | چالاکییەکان | ئامانج |
|---|---|---|
| **لە سەرەتای ساڵەوە (شیعر)** | خوێندنەوە - ڕاڤەکردن- ئەزبەرکردن | * خۆشویستنی قوتابخانە<br>* گرنگیدان بە هاوڕێیەتی<br>* ناسینی شیعر و شاعیر |
| **یەکەی یەکەم** | **(قوتابخانە)** | |
| **قوتابخانەکەم** | خوێندنەوە - هاووتاتاکان — گفتوگۆکردن - نمونە بۆ وشە - گەیاندنی بەشەکانی ڕستە - دیارکردنی ڕستەی ڕاست و هەڵە - خوێندنەوە بە هاوکاری وێنە - دروستکردنی ڕستە - زانیاری دەربارەی خۆی - خۆشنوسی — ڕێنوس — پەندی پێشینان | * خۆشویستنی قوتابخانە<br>* سودی قوتابخانە<br>*بایەخدان بە پاکوخاوێنی قوتابخانە<br>* پاراستنی کەلوپەلی قوتابخانە<br>* بایەخدان بە وەرزش<br>* زانیاری ڕاست دەربارەی قوتابی خۆی<br>**پەند**: پێویستە کارەکانمان دوانەخەین. |
| **قوتابییم (شیعر)** | خوێندنەوە - ڕاڤەکردن — ئەزبەرکردن | * خۆشویستنی زانست و خوێندن<br>* خۆشویستنی کتێب و خوێندنەوە<br>* خۆشویستنی وڵاتەکەی<br>* ناسینی شیعر و شاعیر |
| **کتێبخانەی قوتابخانە** | خوێندنەوە - هاووتاکان — گفتوگۆکردن - پڕکردنەوەی بۆشایی — دژواتاکان - جێناوی (من، ئێمە) — ناساندنی یاساکانی کتێبخانە - ناساندنی تاك و کۆی ناسراو — فراوانکردنی ڕستە - خۆشنوسی — ڕێنوس — پەندی پێشینان | * گرنگی کتێبخانە<br>* سودی خوێندنەوە<br>* گەڕان بە دوای زانیاری<br>* خۆشویستنی کتێب<br>* ڕێزگرتن لە یاسای کتێبخانە<br>* جیاوازی کتێبخانە و پەڕاوگە<br>**پەند**: کتێب هاوڕێیەکی بەسودە |
| **قەڵەم و پاککەرەوە (سیناریۆ)** | خوێندنەوە - گفتوگۆکردن — نمایشکردن | * خەیاڵکردن و شێوازی خواستن لە گفتوگۆکردندا<br>* بیرکردنەوەی ورد و قوڵ<br>* هەر پیشەیەك سودی خۆی هەیە<br>* ڕێزگرتن لە کار و پیشەی یەکتر |

| | | |
|---|---|---|
| **یەکەی دووەم** | **(نیشتمان)** | |
| **نیشتمان** | خوێندنەوە - هاوواتاکان - گفتوگۆکردن - گفتوگۆکردن دەربارەی وێنە - ڕاستکردنەوە زانیاری - هەڵوەشاندنەوەی وشە - بەکارهێنانی جێناوی کەسی سەربەخۆ (من، تۆ، ئەو) - ڕیزبەندکردنی ڕستە - خۆشنوسی – ڕێنوس – پەندی پێشینان | * مەبەست لە نیشتمان<br>* خۆشەویستی نیشتمان<br>* جۆرەکانی پارێزگاریکردن لە نیشتمان و خزمەتکردنی<br>* متمانە و باوەڕبەخۆبوون<br>**پەند**: هەموو مرۆڤێك لە شوێنی خۆی گرنگە. |
| **هەورامان (شیعر)** | خوێندنەوە - ڕاڤەکردن – ئەزبەرکردن | * ناسینی شوێنە جیاوازەکان لە کوردستان<br>* ناساندنی بنزاری هەورامی<br>* ناسینی شیعر و شاعیر |
| **هەجیج** | خوێندنەوە - هاوواتاکان - گفتوگۆکردن - پڕکردنەوەی بۆشایی – هەڵوەشاندنەوەی وشە - ناساندنی شوێنەوار بە وێنە - پێکهێنانی دەستەواژە - دروستکردنی ڕستە بە هۆی وێنە - ڕێکخستنی وشە لە ڕستەدا - خۆشنوسی – ڕێنوس – پەندی پێشینان | * ناسینی شوێنێکی سەرنجڕاکێش لە کوردستان<br>* زانیاری نوێ<br>* شانازیکردن بە کلتور و دابونەریتی نەتەوەکەی<br>**پەند**: مرۆڤ ئەنجامی کارەکانی دێتەوە ڕێگای. |
| **یەکەی سێیەم** | **(تەندروستی)** | |
| **ڕێنمایی تەندروستی** | خوێندنەوە - هاوواتاکان – گفتوگۆکردن - دژواتاکان – نمونەی وشە بە پیتێکی دووبارە - ناساندنی ئامرازی پەیوەندی - ناساندنی ئامرازی نەرێ - خاڵبەندی - خۆشنوسی – ڕێنوس – پەندی پێشینان | * گرنگی پاکوخاوێنی جەستە<br>* گرنگی نەریتی تەندروست<br>* مەبەست لە خۆراکی تەندروست<br>* سودی خۆپاراستن<br>* زانیاری دەربارەی دەرمان<br>**پەند**: زۆر خواردن زیان بە تەندروستیمان دەگەیەنێت. |
| **پەرستار (شیعر)** | خوێندنەوە - ڕاڤەکردن – ئەزبەرکردن | * پیرۆزی کاری پەرستار<br>* گرنگی و دڵسۆزی کاری پەرستار<br>* ناسینی شیعر و شاعیر |
| **پەتا** | خوێندنەوە - هاوواتاکان - گفتوگۆکردن - پڕکردنەوەی بۆشایی – کۆکردنەوەی ناو - پۆلێنکردن – نوسینی ڕستەی پرس - ڕێنمایی تەندروستی – ڕێکخستنی وشە لە ڕستەدا - خۆشنوسی – ڕێنوس – پەندی پێشینان | * خۆپاراستن لە نەخۆشی<br>* مەترسی گواستنەوەی نەخۆشی<br>* چۆنیەتی گواستنەوەی نەخۆشی<br>* پابەندبوون بە ڕێنمایی تەندروستی و سودوەرگرتن لە ئامۆژگارییەکان<br>**پەند**: گرنگی وەرگرتنی چارەسەر لە کاتی نەخۆشیدا |
| **یەکەی چوارەم** | **(ئاکار و ڕەوشت)** | |
| **شێوازی ئاخاوتن** | خوێندنەوە - هاوواتاکان - گفتوگۆکردن - دۆزینەوەی وشە لە دەق – بەکارهێنانی پلەکانی هاوەڵناوی چۆنی - پۆلێنکردن – ناوی دەنگی گیانداران - کاری ئەرێ و نەرێ - بیرکردنەوە و نوسین - خۆشنوسی – ڕێنوس – پەندی پێشینان - | * بایەخدان بە خوێندنەوە<br>* سودی خوێندنەوەی کتێبی دەرەکی<br>* شێوازی دروستی ئاخافتن<br>* هەڵسوکەوتی جوان و شیاو<br>* هاوکاری و یارمەتیدانی هاوڕێیان<br>**پەند**: مرۆڤی ڕاستگۆ ئازایە |

| | | |
|---|---|---|
| **هاوڕێی باش (شیعر)** | خوێندنەوە - ڕاڤەکردن — ئەزبەرکردن | * خۆشەویستی هاوڕێ<br>* مەبەست لە وەفایی<br>* هاوکاریکردنی لە کاتی تەنگانەدا<br>* ناسینی شیعر و شاعیر |
| **چاکەکردن** | خوێندنەوە - هاوواتاکان - گفتوگۆکردن - بەکارهێنانی هاوەڵکار - جێناوی (تۆ، ئێوە) — وەڵامدانەوەی پرسیار بە نوسین - دروستکردنی ڕستە - گێڕانەوەی چیرۆك - خۆشنوسی — ڕێنوس — پەندی پێشینان | * ناسین و خۆشەویستی ئاژەڵ<br>* گیانی هاوکاریکردن<br>* ڕێزگرتن و خزمەتکردنی میوان<br>* بیرکردنەوە و دەربڕین و گێڕانەوە<br>**پەند:** نابێت لە کاتی چاکەکردندا چاوەڕوانی پاداشت بین. |
| **یەکەی پێنجەم** | **(هونەر و ڕۆشنبیری)** | |
| **هونەرمەندە بچکۆلە** | خوێندنەوە - هاوواتاکان — گفتوگۆکردن - ناسینی ئامێری مۆسیقا - ناسینی پیشەی هونەرمەندان — جێناوی (ئەو، ئەوان) - ناسینی کەلوپەلی هونەری — نوسینی ڕستە بە هاوکاری وێنە - خۆشنوسی — ڕێنوس — پەندی پێشینان | * گرنگیدان و خۆشەویستی هونەر<br>* ناسینی جۆرەکانی هونەر<br>* مەبەست لە وشەی هونەرمەند<br>* سودوەرگرتن لە پشوی هاوین<br>**پەند:** مرۆڤی گەورە و بچوك هیوا و ئاواتیان هەیە. |
| **تۆپتۆپێن (شیعر)** | خوێندنەوە - ڕاڤەکردن — ئەزبەرکردن | *خۆشەویستی وەرزش<br>* سودی وەرزش بۆ تەندروستی مرۆڤ<br>* جۆرەکانی وەرزش<br>* یاریزان چۆن خزمەتی وڵاتەکەی دەکات. |
| **ئینتەرنێت** | خوێندنەوە - هاوواتاکان - گفتوگۆکردن - دژواتاکان — ناسینی هەندێ ئامێری پەیوەندیدار - ئامۆژگاری — کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو - دیارکردنی ڕاست و هەڵەی زانیاری لە ڕستەدا — ڕێکخستنی وشە - خۆشنوسی — ڕێنوس — پەندی پێشینان | * سودی ئینتەرنێت<br>* شێوازەکانی پەیوەندیکردن<br>* زیانی زۆر بەکارهێنانی ئینتەرنێت<br>**پەند:** پێویستە پێش ئاخافتن باش بیربکەینەوە. |
| **پێشانگای قوتابخانە (سیناریۆ)** | خوێندنەوە - گفتوگۆکردن - نمایشکردن | * مەبەست لە پیشانگا چییە؟<br>* خۆشویستنی هونەری وێنەکێشان<br>* زانیاری دەربارەی ڕەنگەکان<br>* هاوکاریکردن لە چالاکییەکانی قوتابخانە<br>* چۆنیەتی پێشوازیکردنی میوانان |
| **فەرهەنگۆک:** بە هەر چوار زاری زمانی کوردی تایبەت بە مامۆستایە. | | |
| **ناوەڕۆک** | | |

# لە سەرەتای ساڵەوە

براکانم! خوشکەکانم!
هاوڕێ خۆشەویستەکانم!
دەرگای مەکتەب کرایەوە
پشووی هاوین بڕایەوە
جا نۆرەی قوتابخانەیە
کە بۆ زانین هێلانەیە
بە یەکتر شاد دەبینەوە
ڕێگای خوێندن دەگرینەوە




## کاکەی فەلاح

شاعیر ناوی (حەمە ئەمین قادر)ە لە ساڵی (١٩٢٨ز) لە شارۆچکەی (چوارتا) لە سنوری شارباژێری شاری سلێمانی لەدایکبووە، هەر لەوێشەوە خوێندنی تەواوکردووە، لە ساڵی (١٩٩٠ ز) کۆچیدواییکردووە.

## یەکەی یەکەم

# قوتابخانە

**یەکەم:** قوتابخانەکەم

**دووەم:** قوتابییم (شیعر)

**سێیەم:** کتێبخانەی قوتابخانە

# قوتابخانەکەم



ساڵی نوێی خوێندن دەستییپێکردەوە، قوتابییەکان گەلێك دڵخۆشبوون، هێڤی لە پۆلی چوارەم و ئەلەندی برای لە پۆلی سێیەم بوو، بەم شێوەیە دەربارەی قوتابخانەکەیان دەدوان.

ئەلەند: قوتابخانەکەم خۆشدەوێت، چونکە گۆڕەپانی یاریکردن و هۆڵی وەرزشی تێدایە، لەگەڵ هاوڕێکانم لە قوتابخانەدا یاریی جۆراوجۆر دەکەین.

هێڤی: منیش خۆشمدەوێت، چونکە تیایدا فێری خوێندنەوە و زانست و ڕەوشتی بەرز

دەبین، هەروەها بیر و هۆشمان گەشەدەكات.

**ئەلەند:** كاتێك، كە لێی دور دەكەومەوە، هەمیشە بیری دەكەم، چونكە مەڵبەندی پەروەردە و فێربوون و فێركردنە.

**هێڤی:** زۆر ڕاستە، مامۆستاكان ڕێگامان بۆ ڕوناكدەكەنەوە.

**ئەلەند:** ئێمە تیایدا فێری ڕەفتار و وانەكانی ژیان دەبین.

**هێڤی:** بۆیە قوتابخانە لە ژیانماندا زۆر گرنگە.

**ئەلەند:** بەڵێ وایە، كەواتە پێویستە وەكماڵی خۆمان بیپارێزین و پاكوخاوێن ڕایبگرین.

## چالاكی و ڕاهێنان

### هاوواتاكان

| | |
|---|---|
| هۆش: | وریایی، ئاگایی |
| گەشەدەكات: | دەبوژێتەوە |
| مەڵبەند: | ناوەند، بنكە |



### گفتوگۆدەكەین.



* بۆچی هێڤی و ئەلەند قوتابخانەیان خۆشدەوێت؟
* قوتابخانە فێری چیمان دەكات؟
* پێویستە ڕەفتارمان لە قوتابخانە چۆن بێت؟

## لەم پیتانە وشە دروستدەکەم.

(مـ - ۆ - ا - یـ - ك - ت - سـ)

.................... .................... .................... .................... ....................

## واتای ڕستە تەواو دەکەم، بە بەرامبەرەکەی دەگەیەنم.

| ڕستە | تەواوکەرەکەی |
|---|---|
| ئەلەند لە پۆلی | چوارەم بوو. |
| لە قوتابخانە فێری | زۆر ڕەوشتی بەرز دەبین. |
| مامۆستاکان ڕێگامان | بۆ ڕوناکدەکەنەوە |
| هێڤی لە پۆلی | سێیەم بوو. |

### ئایا دەزانیت؟

مێشکی مرۆڤ لەکاتی خەوتندا چالاکترە، وەک لەکاتی هوشیاری، بۆیە نابێت، شەوانە لە هەشت سەعات کەمتر بخەوین.



## نیشانەی(√) یان (×) بۆ ئەم ڕستانە دادەنێم.

١. هێڤی و ئەلەند لە یەك قوتابخانە نەبوون. ☐

٢. لە قوتابخانە فێری زانست و زانیاری دەبین. ☐

٣. لە قوتابخانە فێری ڕەوشتی بەرز نابین. ☐

٤. پێویستە قوتابخانە وەك ماڵی خۆمان پاکوخاوێن ڕابگرین. ☐

٥. پێویستە ڕێز لە مامۆستایان بگرین. ☐

## بە هاوکاری وێنەکان دەخوێنمەوە، ناوی وێنەکان دەنوسم.

بەیانی زوو کاتێ  هەڵات بە بیستنی دەنگی  لە خەو

هەڵستام سەیری ناو باخچەکەم کرد کۆمەڵێك  لەسەر گوڵەکان

نیشتبوون.

لەولاوە  خەریکی خواردنی پارچە گۆشتێك بوو، هەروەها دوو

 لە ئاسماندا دیاربوون.

.................... .................... ....................

.................... ....................

## گفتوگۆدەکەین، ڕستە بۆ ئەم وێنەیە دەنوسین.

### پێشبڕکێ



١ ..............................................................................

٢ ..............................................................................

## زانیاری دەربارەی خۆم دەنوسم.



ناوی سیانی: ..............................................................

ناوی قوتابخانە: ........................................................

پۆل و هۆبە: ..............................................................

مێژووی لەدایکبوون: ...................................................

شوێنی نیشتەجێبوون: ..................................................

ناوی پارێزگا: .............................................................

دەمەوێت لە ئایندە ببم: ...............................................

## خۆشنوسی

من قوتابخانەی خۆم خۆشدەوێت.

من قوتابخانەی خۆم خۆشدەوێت.

## ڕێنوس

ساڵی نوێ - گۆڕەپانی یاریکردن - هۆڵی وەرزش - ڕەوشتی بەرز

مەڵبەندی فێربوون - ماڵی خۆمان

* لە قوتابخانەدا فێری ڕەفتار و وانەکانی ژیان دەبین.

## پەندی پێشینان:




کاری ئەمڕۆ مەخە سبەی.

# قوتابیم

قوتابیم لە پۆلی سێ — ئازا و ژیر، بەڕێوجێ
بولبولی گچکە و ساوام — لە باخی ژین بێ پەروام
شەیدای گوڵی زانستم — هەر خوێندنە مەبەستم
شەو و ڕۆژ هەوڵدەدەم — بەهۆی کتێب پێبگەم
تا بگەمە خۆشی ژیان — لە چوارچێوەی کوردستان



**عەزیز مەلا ڕەش**

شاعیر ناوی (عەزیز مەلا ئەحمەد ڕەحیم)ە بە عەزیزی مەلای ڕەش ناسراوە لە ساڵی (١٩٣٨)ز)لە گوندی (چەغەمیرە)ی ناحیەی (دیبەگە) لە پارێزگای (هەولێر) لەدایکبووە، ئەدیب و ڕۆماننوسێکی ناودارە.

# چالاكی و ڕاهێنان

## هاوواتاكان

بەرێوجیّ: ڕێكوپێك

ساوا: بچوك

بیّ پەروا: بیّ ترس، بێباك

شەیدا: ئاویزان، عەوداڵ



## گفتوگۆدەكەین.



* قوتابی لە تەمەنی چەندساڵی دەست بە خوێندن دەكات؟
* شاعیر قوتابی بەچی دەچوێنێت؟
* پێویستە قوتابی بۆ ئەوەی، پێبگات چی بكات؟
* تۆ بۆچی حەزت لە خوێندن و زانستە؟

## نیوەدێڕەكەی تر دەنوسم، ڕاڤەیاندەكەم.

بولبولی گچكە و ساوام . . . . . . . . . . . . . . . . . .

. . . . . . . . . . . . . . . . . . هەر خوێندنە مەبەستم

# کتێبخانەی قوتابخانە



ڕۆژێك مامۆستای کوردی هاتە پۆل و ڕۆژباشی لە قوتابییان کرد، کە بە گروپ دانیشتبوون، مامۆستا چەند پارچە کاغەزێکی ڕەنگاوڕەنگی بەسەر گروپەکان دابەشکرد و گوتی: قوتابییە خۆشەویستەکان بیربکەنەوە چۆن دەتوانین وەڵامی پرسیار و زانیارییەکان بەدەست بهێنین؟

قوتابییەکان لە گروپ گفتوگۆیاندەکرد و لەدوایدا نوێنەری هەر گروپێك وەڵامەکەی دەخوێندەوە، لە (کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، دایباب و مامۆستا).

مامۆستا دەستخۆشی لە قوتابییان کرد و گوتی: ئایا هەموو نوسینەکانی ناو کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بۆ ئێوە بەسودن؟

قوتابییەك لە گروپی یەکەم گوتی: نەخێر، واباشترە تەنها کتێب و گۆڤارەکانی قوتابخانە بخوێنینەوە.

یەکێکی تر گوتی: پێویستە ئەو کتێب و گۆڤارانە بخوێنینەوە کە بۆ ئێمە بەسودن.

مامۆستا گوتی: کتێب وەك هاوڕێی باش وایە، کە دەتوانێت زۆر یارمەتیمان بدات.

قوتابییەکی تر گوتی: پێویستە ئێمە بۆ هەڵبژاردنی کتێب و گۆڤار پرس بە کەسی لە خۆمان شارەزاتر بکەین.




مامۆستاش گوتی: ئافەرین! بۆ ئەم بیرکردنەوە و وەڵامە ڕاستانە، دەبێت ئێمە کتێبخانەی قوتابخانەکەمان بە کتێب و گۆڤار دەوڵەمەند بکەین، با ئێستاش سەردانی کتێبخانەی قوتابخانەکەمان بکەین تا هەر یەکێکتان کتێبێك بۆ خۆی بخوێنێتەوە.

## چالاکی و ڕاهێنان

### هاوواتاکان

گروپ: دەستە، کۆمەڵ
نوێنەر : نێردراو
زانیارییەکان: ڕاستییەکان
ڕۆژنامە: هەواڵنامە

### گفتوگۆدەکەین.

* مامۆستای چ بابەتێك هاتە پۆل؟
* قوتابییەکان چۆن دانیشتبوون؟
* مامۆستا چی بەسەر قوتابییەکان دابەشکرد؟ پرسیاری چی لێکردن؟
* قوتابییەکان چۆن وەڵامی مامۆستایان دایەوە؟
* مامۆستا لە وەڵامی قوتابییاندا چی گوت؟ ئامۆژگاری چی کردن؟

## بۆشاییەکان بە وشەی گونجاو پڕدەکەمەوە.

(هاوڕێیەکی، دەستخۆشی، گروپ، ڕەنگاوڕەنگ، ڕۆژباشی)

١. مامۆستا هاتە پۆل و ........................................ لە قوتابییان کرد.

٢. مامۆستا چەند پارچە کاغەزێکی ........................................ ی بەسەر گروپەکان دابەشکرد.

٣. قوتابییەکان بە ........................................ گفتوگۆیاندەکرد.

٤. مامۆستا ........................................ لە قوتابییان دەکرد.

٥. مامۆستا گوتی کتێب وەك ........................................ باش وایە.

## دژواتاکان لە شوێنی گونجاو دادەنێم.


(بەناشیرینی، دۆست، هەژار، بچوکتر، خراپتر)

| | | |
|---|---|---|
| دەوڵەمەند | × | |
| باشتر | × | |
| دوژمن | × | |
| بەجوانی | × | |
| گەورەتر | × | |

## (من) بۆ خۆم و (ئێمە) بۆ خۆمان بەکاردەهێنم.

| | |
|---|---|
| من خوێندم | ........ئێمە خوێندمان........ |
| ........گوت........ | ........................................ |
| ........پرسی........ | ........................................ |
| ........برد........ | ........................................ |
| ........نوسی........ | ........................................ |

## یاساكانی كتێبخانه، گفتوگۆدەكەین، دەیاننووسینەوە.



١. هێمنی دەپارێزم.

٢. كاتێك مامۆستا بۆمان دەخوێنێتەوە، گوێڕادەگرم.

٣. تا مامۆستا رێگام پێنەدات قسەناكەم.

٤. لەگەڵ هاوڕێكانم گفتوگۆی هێمنانە دەكەم.

٥. دەستكاری دانانی كەلوپەلی كتێبخانە ناكەم و دەیانپارێزم.

٦. هیچ خواردن و خواردنەوەیەك بۆ كتێبخانە نابەم.

٧. كتێبخانە پاكوخاوێن ڕادەگرم.

٨. دوای تەواوبوونی خوێندنەوە، كتێبەكان لەشوێنی خۆیان دادەنێمەوە.

٩. هیچ كتێبێك بەبێ خواستن لە بەرپرسی كتێبخانە نابەمە دەرەوە.

## وەك نموونەی یەكەم دەنووسم.

| | | |
|---|---|---|
| پۆل | پۆلەكە | پۆلەكان |
| كتێب | ........................ | ........................ |
| بەرگ | ........................ | ........................ |
| قەڵەم | ........................ | ........................ |

## سەرنجدەدەم، دەخوێنمەوە، دەنووسم.



من...

من پێداویستییەكانی...

من پێداویستییەكانی قوتابخانە...

من پێداویستییەكانی قوتابخانە لە پەڕاوگە...

من پێداویستییەكانی قوتابخانە لە پەڕاوگە دەكڕم.

.............................................................................................

## خۆشنوسی

دەبێت کتێبخانەی قوتابخانەکەمان بە کتێب و گۆڤار دەوڵەمەند بکەین.

دەبێت کتێبخانەی قوتابخانەکەمان بە کتێب و گۆڤار دەوڵەمەند بکەین.

## ڕێنوس

کاغەزێکی ڕەنگاوڕەنگ - نوێنەری گروپ - گۆڤارەکانی قوتابخانە


پرسیار و زانیارییەکان - کتێب و ڕۆژنامە - دایباب


* کتێب وەك هاوڕێی باش وایە، دەتوانێت زۆر یارمەتیمان بدات.

### وتەی بە نرخ:



# گفتوگۆی نێوان قەڵەم و پاککەرەوە




٥
بۆچی؟
لەبەرئەوەی نوسین لە سڕینەوە گرنگترە.
٦
من هیچ کاتێك ڕاستی ناسڕمەوە، هەڵە نوسین چاپدەکات.
ڕاستدەکات!
٧
نابینیت من لە پێناو ڕاستیدا قوربانی بەخۆم دەدەم، ڕۆژبەڕۆژ بچوکتر دەبمەوە.
دەتبینم، منیش بە هۆی نوسینەوە وردەوردە کورتتر دەبمەوە.
٨
بەڵێ، ئێمە دەتوانین تەنها بەخۆ بەختکردن سود بگەیەنین.
تۆ گەلێك میهرەبان و قسەخۆشی هاوڕێکەم!


## یەکەی دووەم

# نیشتمان

**یەکەم:** نیشتمانەکەم

**دووەم:** هەورامان (شیعر)

**سێیەم:** هەجیج



# نیشتمان



مامۆستا دانا لە پۆلی سێی بنەڕەتی سەرقاڵی گوتنەوەی وانەی کوردی بوو، باسی (پارێزگاری لە نیشتمان) ی بۆ دەکردن و دەیگوت:

ئەم خاکە نیشتمانی ئێمەیە و ئەرکی سەرشانی هەموومانە بیپارێزین.

ئەژین دەستی هەڵبڕی و گوتی: مامۆستا ئێمە منداڵین، چۆن دەتوانین پارێزگاری لە نیشتمان بکەین؟

مامۆستا گوتی: کوڕی ژیر پارێزگاری تەنها بە چەك ناکرێت! ئەگەر دار و درەخت و باخچەکان پاکوخاوێن ڕابگرین ، ئەوە پارێزگاریمان لە نیشتمان کردووە، کەواتە بۆ ئەم مەبەستە زۆر ڕێگامان هەیە.

ئێستا بابزانم کامتان شتێکی ترمان بۆ باسدەکات، کە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەبێت.

ئاکۆ دەستی بەرزکردەوە و گوتی: مامۆستا پاراستنی کورسی و مێز و شتومەکی قوتابخانەش خۆشەویستییە بۆ نیشتمان.

شادیش گوتی: پاکوخاوێنیی شۆستە و شەقامەکان و فڕێنەدانی شتی پیسیش بە هەمان شێوەیە.



مامۆستا دانا گوتی: بەڵێ شادە گیان، هەروەها سەرکەوتنتان لە قۆناغەکانی خوێندن بەرەوپێشبردنی نیشتمانە.
دەبا پێکەوە بڵێین (بەڵێن بێت هەموومان بەشداربین لە خزمەت و پارێزگاری نیشتمان).

## چالاکی و ڕاهێنان

### هاوواتاکان

پارێزگاری: پاراستن

سەرقاڵ: مژیل، خۆخەریکردن

پەیوەند: پەیوەست

### گفتوگۆدەکەین.

* نیشتمان چییە؟
* ئایا تەنها مرۆڤی گەورە دەتوانێت پارێزگاری لە نیشتمان بکات؟
* ئایا پارێزگاریکردن لە نیشتمان تەنها بە هێز و چەك دەکرێت؟

* ماموٚستا دانا دەربارەی خوێندن چی بە قوتابییەکان گوت؟
* شاد دەربارەی خۆشەویستی نیشتمان چی گوت؟
* لە قوتابخانە دا چۆن دەتوانین پارێزگاری لە نیشتمان بکەین؟
* لەکۆتاییدا هەموویان چ بەڵێنێکیاندا؟

## ئەمانە کێن؟ چۆن پارێزگاری لە نیشتمان دەکەن؟





## وشەی هەڵە دەستنیشاندەکەم، ڕاستییەکە دەنوسم.

* وشترمرخ لەناو ئاو دەژیت و پولەکە و ڕیشوەکەوانەی هەیە. ..................................
* وەرزی زستان لەدوای وەرزی هاوین دێت. ......................................
* خۆر دورترین ئەستێرەیە لە زەوی. .......................................................
* گەڵای گوڵ خۆراکی هەنگە. ...........................................................



وشە هەڵدەوەشێنمەوە، ژمارەی بڕگە دەنوسم، دەنگی پیتەکان گۆدەکەم.

| وشە | بڕگە | ژمارەی بڕگە | پیت |
|---|---|---|---|
| دار | | | |
| شۆستە | | | |
| هاتوچۆ | | | |
| پارێزگاری | | | |

(تۆ، ئەو) وەک (من) بەکاردەهێنم، دەخوێنمەوە.

١. مـن ئـەرکـەکـانـم دەنـوسـم.

٢. تۆ ..............................................................

٣. ئەو ..............................................................

(کوردستان) دەخوێنمەوە، بە ڕیزبەندییەکی گونجاو لە دەفتەرەکەم دەنوسمەوە.

- ◯ لەپێناو پاراستنی هەزاران ڕۆڵەی دڵسۆز گیانیان بەختکردووە،
- ◯ شوێنەواری دێرینی زۆری تێدایە،
- ◯ باب و باپیرانمان هەر لە کۆنەوە لەم خاکەدا ژیاون،
- ◯ کوردستانەکەم خۆشەویستە، بەدڵ و گیان دەیپارێزم.
- ◯ کوردستان خاکێکی جوان و پیرۆز و دڵگیرە،

## خۆشنوسی

ئەم خاکە نیشتمانی ئێمەیە، ئەرکی سەرشانی هەموومانە بیپارێزین.

ئەم خاکە نیشتمانی ئێمەیە، ئەرکی سەرشانی هەموومانە بیپارێزین.

## ڕێنوس

دەستی هەڵبڕی - باسدەکات

دار و درەخت - کورسی و مێز - شۆستە و شەقامەکان

* پاراستنی کورسی و مێز و شتومەکی قوتابخانە، خۆشەویستییە بۆ نیشتمان.

## پەندی پێشینان:



بەرد لە جێی خۆی سەنگینە.



## هەورامان

هـەورامـانـا مـاوامـا  خاكش كڵە و چەماما
كەش و كۆسارش جوانا  گێواوش گرد دەرمانا
ئاویش چیە سازگارە  تاراش گوڵ و گوڵزارە
باخش وەزی و هەنارا  یانەش وشكە دیـوارا

**یاوەر**

شاعیر ناوی (ئیبراهیم عبدالكریم علی)ە: نازناوی (یاوەر)ە لە ساڵی (١٩٦٨ز) لە گوندی (هانەی قوڵ) لەدایكبووە، لەساڵی (٢٠٢٠ز) لە خورماڵ كۆچیدواییكرووە.

# چالاکی و ڕاهێنان

## هاوواتاکان

- ماواما: مەئوامانە، شوێنمانە
- کڵۆو چەماما: کلی چاوەمە
- کەش: کەژ، کێو
- گێواوش: گیا
- گرد : گشت، هەموو
- چیە : سارد
- وەزی : گوێز
- یانەش : خانوو، ماڵ



## گفتوگۆدەکەین.



* کێ هۆنراوەی (هەورامان)ی نوسیوە؟
* کەژ و کۆساری هەورامان چۆنە؟
* دیواری خانووەکانی هەورامان لە چی دروستکراون؟
* خەڵکی هەورامان بە چ زارێك قسەدەکەن؟

## نیوەدێڕەکەی تر دەنوسم، ڕاڤەیاندەکەم.

کەش و کۆسارش جوانا . . . . . . . . . . . . . . . . . .

. . . . . . . . . . . . . . . . . . یانەش وشکە دیوارا



# هەجیج

(هەجیج) گوندێکی دڵگیر و مێژوویی هەورامانە، لە خۆرهەڵاتی کوردستان، لەنێوان شارۆچکەی نەوسود و شاری پاوەدایە، لەکەناری ڕوباری سیروان، لەبناری ڕەوەزە شاخێکی بەرزدا هەڵکەوتووە. مێژوی بنیادنانی گوندی هەجیج بۆ (٣٠٠٠) هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، (١٧٠) خێزان لەم گوندە دەژین و بە زاری شیرینی هەورامی قسەدەکەن:

ئەوەی ئەم گوندە لە گوندەکانی تری کوردستان جیادەکاتەوە شێوازی بنیادنانی بینا و تەلار و خانووەکانییەتی، کە بە کۆنترین شێوازی بیناسازیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت، هەر لە کۆنەوە خەڵکی هەورامان هەموو پێداوستییەکانی ژیانیان بۆ خۆیان دابینکردووە. گوندی هەجیج جگە لە ئاژەڵداری، بە کشتوکاڵ و باخداری خەریکن

و (گوێز و هەنار و ترێ) بەرهەمدەهێنن، هەندێکی تریان بەکار و پیشەی دەستییەوە خەریکن وەك: دروستکردنی (شاڵ، کڵاش، فەرەنجی و پشتوێنی هەجیج) کە بە دەسترەنگینی ناوبانگیان دەرکردووە.

گوندی هەجیج ناوچەیەکی گەشتیارییە و گەلێك شوێنەواری مێژوویی تێدایە، لەوانە مەزاری پیرۆزی (کۆسەی هەجیج)، (ئەشکەوتی بەغا)، (پردی وەنەن)، (کانیاوی بڵ)، (بەنداوی داریان). ئاووهەوای گوندەکە لە هاویندا فێنك و سازگارە لە زستاندا سارد و بەفراوییە.

ئەم گوندە لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا خاوێنترین گوندە. لە ساڵی (٢٠١٠ز)دا لە ڕووی ژینگەوە وەك پاکترین گوند لە جیهاندا لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆی نەتەوەیەکگرتووەکان ناسێنراوە و لە (٢٠٢١/٧/٢٧)زدا ناوچەی هەورامان خراوەتە ناو لیستی شوێنەوارە گەشتیاری و مێژوویەکانی جیهانەوە، ئەم بڕیارەش بوو بە مایەی خۆشحاڵیی خەڵکی هەورامان بۆ گرنگیپێدانی ژینگە و پاراستنی کلتوری ناوچەکەیان.

## چالاکی و ڕاهێنان

### هاوواتاکان

| | |
|---|---|
| دابینکردن: | دەستەبەرکردن، پەیداکەردەی |
| مەزار: | مەرقەد |
| سەربەخۆبوون: | پشت بەخۆبەستن |
| کلتور: | کەلەپور |
| ڕوبار: | زێ، ڕیبار |
| شوێنەوار: | ئاسەوار، کەڤنار |

## گفتوگۆدەکەین.

* گوندی هەجیج دەکەوێتە کوێی کوردستان؟
* مێژوی بنیادنانی گوندی هەجیج بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟
* خەڵکی هەورامان چۆن پێداویستییەکانی ژیانییان دابیندەکەن؟
* خەڵکی ئەم گوندە بە چ کارێکی دەستی بەناوبانگن؟

## بۆشاییەکان بە وشەی گونجاوی ناو دەقەکە پڕدەکەمەوە.

١. گوندی هەجیج دەکەوێتە نێوان شارۆچکەی.................................. و شاری .............................. دایە.

٢. ئاووهەوای هەجیج لە هاویندا .............................. و ..............................


٣. گوندی هەجیج لە ساڵی .............................. وەك پاکترین گوند لە جیهاندا ناسێنراوە.

٤. ڕێکخراوی.............................. ناوچەی هەورامانی خستە ناو لیستی شوێنەوارە مێژووییەکانی جیهان.


## وشە هەڵدەوەشێنمەوە، بڕگە و پیت دەنوسم، دەنگی پیتەکان گۆدەکەم.

| وشە | بڕگە | پیت |
|---|---|---|
| پاوە | | |
| وەنەن | | |
| هەورامان | | |

## ئەم شوێنەوارانە چین؟ دەزانیت لە کوێن؟







قەڵا.............................. قەڵای.............................. قەڵای..............................

## بە وشەی گونجاو دەستەواژەکان تەواودەکەم.

(دێرین، سازگار، کوردی، دڵگیر، بەرز)

شاخی ........................................ 

گوندی ........................................ 

ئاوی ........................................ 

دیمەنی ........................................ 

کڵاشی ........................................ 

## گفتوگۆدەکەین،ڕستە بۆ ئەم وێنەیە دەنوسین.



١.............................................................................

٢.............................................................................

## وشەکان ڕێکدەخەم، ڕستە دەنوسم.

* (هەورامانە، گوندێکی، هەجیج، دڵگیر، مێژویی، و)

.............................................................................

.............................................................................

* (بە، خەڵکی، دەسترەنگینی، هەورامان، بەناوبانگن)

.............................................................................

.............................................................................

## خۆشنوسی

هەورامان سروشتێکی دڵگیر و دڵڕفێنی هەیە.

هەورامان سروشتێکی دڵگیر و دڵڕفێنی هەیە.

## ڕێنوس

باخداری - کشتوکاڵ - گەشتیاری

گوندێکی دڵگیر - ڕوباری سیروان - پشتوێنی هەجیج

* خانووەکانی هەورامان بە کۆنترین شێوازی بیناسازیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت.

## پەندی پێشینان:




چی بچینی، ئەو دەدوورییەوە.

## یەکەی سێیەم

# تەندروستی

**یەکەم:** ڕێنمایی تەندروستی

**دووەم:** پەرستار (شیعر)

**سێیەم:** پەتا

# ڕێنمایی تەندروستی



پەروا ویستی لەسەر سفرەی نانخواردن دابنیشێت، دایکی پێیگوت: پێویستە پێش ئەوەی دەستبکەین بە نانخواردن دەستمان بشۆین.

پەروا: بۆچی پێوستە دەستم بشۆم؟

دایك: بەشوشتنی دەست و دەموچاو، هەرچی میکرۆب و ڤایرۆس و پیسی هەن کە دەبنە هۆکاری نەخۆشی، لەناودەچن.

دایکی بەردەوام بوو لە ئامۆژگاریکردنی پەروا و گوتی: زۆر ڕەفتار هەن، پێویستە پەیڕەویان بکەین، بۆئەوەی جەستەمان ساغ بێت و تەندروستیمان باش بێت، وەك زوو نوستن، زوو لەخەو هەستان و ڕۆژانە وەرزشکردن ، زۆر ئاوخواردنەوە و خواردنی خۆراکی تەندروست.

بەیار لە ژوورەوە گوێی لە ئامۆژگارییەکانی دایکی بوو، بە سەرسوڕمانەوە گوتی: خۆراکی تەندروست.



دایك: بەڵێ ئەو خۆراكەی، كە زۆربەی مادە خۆراكییە پێویستەكانی بۆ گەشەكردنی جەستە تێدایە.

بەیار: بۆچی پێوستە ڕێكاری تەندروستی پەیڕەوبكەین؟

دایك: بە پابەندبوون بە ڕێنماییە تەندروستییەكان، جەستەمان لە نەخۆشی دەپارێزین، ئەی ئێوە نەتانبیستووە: (خۆپاراستن باشترە لە چارەسەركردن).

## چالاكی و ڕاهێنان

### هاوواتاكان

| | |
|---|---|
| ڕەفتار: | هەڵسوكەوت |
| گەشەكردن: | نەشونما |
| ڕێنمایی: | ئامۆژگاری، موچیاری |
| لەخەوهەستان: | لەخەوڕابوون |
| پەیڕەوكردن: | جێبەجێكردن |

## گفتوگۆدەکەین.

* پێش ئەوەی دەستبکەین بە نانخواردن، پێویستە چی بکەین؟

* بە شوشتنی  دەست و دەموچاو چی لەناودەچێت؟

* زوو نوستن و زوو لەخەو هەستان و ڕۆژانە وەرزشکردن و زۆر ئاوخواردنەوە دەبنە هۆی چی؟

* مەبەست لە خۆراکی تەندروست چییە؟

* بە پابەندبوون بە ڕەفتار و ڕێنماییە تەندروستییەکان، جەستەمان لە چی دەپارێزین؟

## دژواتاکان دەگەیەنم.

| | |
|---|---|
| زوو | خراپتر |
| دانیشتن | کەم |
| زۆر | درەنگ |
| ساغ | ڕاوەستان |
| باشتر | نەخۆش |

**نمونە بۆ ئەم پیتانە دەهێنم، بە مەرجێ لە وشەکە دووبارە ببنەوە.**

| | |
|---|---|
| ش | شۆڕش |
| ک | ..................................................... |
| د | ..................................................... |
| ز | ..................................................... |
| گ | ..................................................... |
| ن | ..................................................... |

**(لە، بۆ، بە) لە شوێنی ڕاست دادەنێم.**

١. پێویستە پێش ئەوەی دەست بکەین ............... نانخواردن دەستمان بشۆین.

٢. ماددە خۆراکییە پێویستەکانی ............... گەشەکردنی جەستەی تێدایە.

٣. دایکی بەردەوام بوو ............... ئامۆژگاریکردن.

**ئایا دەزانیت؟**

**زۆربەی دەرمانە پزیشکییەکان لە گیایی سروشتی وەردەگیرێن.**



## (نا) بەکاردەهێنم.

| دەنوم | | نانوم |
| --- | --- | --- |
| دەکڕم | ← | ........................ |
| دەڕۆم | ← | ........................ |
| دەفرۆشم | ← | ........................ |
| دەهێنم | ← | ........................ |

## نیشانەکانی خاڵبەندی (؟ ! . ، :) لە شوێنی گونجاو دادەنێم.

١. بەیار بە سەرسورمانەوە گوتی، خۆراکی تەندروست ◯

٢. بۆچی پێویستە دەستم بشۆم ◯

٣. دایك بەڵێ ئەو خۆراکەی کە هەموو ماددە خۆراکییە پێویستەکانی بۆ گەشەکردنی جەستەی تێدایە ◯

٤. وەك زوو نوستن، زوو لەخەو هەستان و ڕۆژانە وەرزشکردن، ئاو زۆر خواردنەوە و خواردنی خۆراکی تەندروست ◯

٥. خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن ◯

## خۆشنوسی

خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن.

خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن.

## ڕێنوس

هۆکاری نەخۆشی - ڕۆژانە وەرزشکردن - خواردنی خۆراك

دەست و دەموچاو - میکرۆب و ڤایرۆس - خواردن و خواردنەوە

* پێویستە ڕێکاری تەندروستی پەیرەوبکەین.

### وتەی بە نرخ:



# پەرستار

پەرستارە، پەرستارە
بۆ نەخۆش وەك کەسوکارە
ماندوو نابێ بە ڕۆژ و شەو
دێ و دەڕوا خزمەتئەکا ئەو
گەلێ دڵسۆز و خەمخۆرە
هەردەم هاوکاری دکتۆرە
وەك کچ و خوشکی نەخۆشە
بۆیە هەمیشە پەرۆشە
هەربژی، بژی پەرستار
هەربژی بێ دەرد و ئازار



**دەروێش**

شاعیر ناوی(عوسمان شکور جاسم)ە: نازناوی عوسمان دەروێشە، لە ساڵی (١٩٦٤ز) لەکەرکوك لەدایکبووە. زۆر نامیلکەی شیعر و چیرۆکی بۆ منداڵان نوسیوە.

# چالاکی و ڕاهێنان

## هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم.

(دەردەدار، ستەر، عەودالْ، پزیشك، شەکەت)

پەرستار: ..............................  نەخۆش: ..............................

ماندوو: ..............................  دکتۆر: ..............................

پەرۆش: ..............................



## گفتوگۆدەکەین.



* پەرستار لە کوێ کاردەکات؟
* پەرستار چ کاتێك کاردەکات؟
* لەگەڵ کێ هاوکارە؟
* بۆ کێ وەك کەسوکارە؟
* هەندێ لە کارەکانی پەرستار بژمێرە.

## نیوەدێڕەکەی تر دەنوسم، ڕاڤەیاندەکەم

ماندوونابێ بە ڕۆژ و شەو . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . هەردەم هاوکاری دکتۆرە

# پەتا



سایە کە گەڕایەوە ماڵەوە زۆر نیگەران بوو. دایکی سەیری ڕوخساری کرد و پێیگوت: چی ڕویداوە؟

سایە: دایکە ویستمان سەردانی نیان بکەین، بەڵام هیوا نەهات.

دایکی پرسی: بۆچی نەهات؟ چی گوت؟

سایە: هیوا دەڵێت زۆر نەخۆشی هەن، لە کەسێکی نەخۆشەوە دەگوێزرێنەوە بۆ کەسێکی ساغ، لەبەرئەوە نابێت سەردانی نەخۆش بکەین.

دایکی بەخەندەیەکەوە و لەسەرخۆ گوتی: پێویست ناکات نیگەران بیت. چونکە قسەی هیوا زۆر ڕاستە، پێویستە خۆمان بەدووربگرین لەو کەسانەی کە توشی پەتا هاتوون.

سایە لە دایکی پرسی: چۆن ئەو نەخۆشییانە لە کەسی نەخۆشەوە بۆ کەسی ساغ دەگوێزرێنەوە؟

دایك: لەکاتی بەریەککەوتن و بەکارهێنانی کەلوپەلی نەخۆش، یان کۆکەو پژمەی نەخۆشەکەوە .



دایکی ڕێنماییکرد و گوتی: زۆرجار پەتا بڵاودەبێتەوە، ئەگەر توشی پەتا هاتین، پێویستە بەباشی ئاگاداری باری تەندروستیمان بین و تێکەڵی خەڵك نەبین.

## چالاکی و ڕاهێنان

### هاوواتاکان

| | | | |
|---|---|---|---|
| نیگەران: | دڵتەنگ - نائاسودە | کەسی ساغ: | کەسی تەندروست |
| ڕوخسار: | دەموچاو | خەندە: | بزە |
| پەتا: | نەخۆشییە درمەکان | | |

### گفتوگۆدەکەین.

* سایە کە گەڕایەوە ماڵ چۆن بوو؟
* بۆچی هیوا لەگەڵ سایە نەڕۆیشت بۆ سەردانی نیان؟
* ئایا بە هەموو نەخۆشییەك دەگوترێت پەتا؟ پەتا چییە؟
* چۆن ئەو نەخۆشییانە لە کەسی نەخۆشەوە بۆ کەسی ساغ دەگوێزرێنەوە؟
* دایکی چ ڕێنماییەکی کرد؟

## بۆشاییەکان بە وشەی گونجاوی ناو دەقەکە پڕدەکەمەوە.

* سایە کە گەڕایەوە ............................ زۆر ............................ بوو.
* دایکی بە خەندەیەکەوە و ............................ گوتی: پێویست ناکات نیگەران بیت.
* ئەم نەخۆشیانە لەکەسی ............................ بۆکەسی ............................ دەگوێزرێنەوە.
* زۆرجار ............................ بڵاودەبێتەوە.

## وەک نمونەی یەکەم دەنوسم.

نەخۆش ← نەخۆشان

گوڵ ← ..............................................................

ژن ← ..............................................................

کوڕ ← ..............................................................

خەڵك ← ..............................................................

## بەپێی پۆلینی ئەم خشتەیە، نمونە بۆ ئەم پیتانە دەهێنم.

| پیت | ناوی مرۆڤ | ناوی ئاژەڵ | ناوی ڕووەک | ناوی ئامێر |
|---|---|---|---|---|
| پ | ........................ | ........................ | ........................ | ........................ |
| ک | ........................ | ........................ | ........................ | ........................ |
| س | ........................ | ........................ | ........................ | ........................ |
| م | ........................ | ........................ | ........................ | ........................ |

## ڕستەکان بەشێوەی پرسکردن دەنوسم.

١. نەخۆشەکە چارەسەرکرا.

................................................................ (کێ)

٢. دەرمانەکە بەسودبوو.

................................................................ (چی)

٣. نەخۆشخانەکە وەك پێویست بوو.

................................................................ (چۆن)

## ڕێنمایی تەندروستی

قوتابییانی پۆلەکە ببنە چەند گروپێك و بەجیا لە گروپەکەی تر چەندین ڕێنمایی و ئامۆژگاری تەندروستی کۆبکەنەوە، بۆ ڕۆژی دواتر هەر گروپێك ئامۆژگارییەکانی بۆ قوتابییانی پۆلەکە بخوێنێتەوە، مامۆستا باشترینیان لەسەر تەختە دەنوسێت، قوتابییان لە دەفتەرەکانیان دەینوسنەوە.

## وشەکان ڕێکدەخەم، ڕستە دەنوسم.

* (هەناسەدان، بەهۆی، نەخۆشی، دەگوێزرێتەوە، هەندێ)

................................................................

................................................................

* (ویستی، سایە، سەردانی، بکات، نیان)

................................................................

................................................................

## خۆشنوسی

پێویستە ئاگاداری تەندروستیمان بین.

پێویستە ئاگاداری تەندروستیمان بین.

## ڕێنوس

دایکی بە خەندەیەکەوە - بەکارهێنانی کەلوپەلی نەخۆش

* زۆر نەخۆشی هەن، لە کەسێکی نەخۆشەوە دەگوێزرێنەوە بۆ کەسێکی ساغ،

لەبەرئەوە نابێت سەردانی نەخۆش بکەین.

## وتەی بە نرخ:



هیچ دەردێک بێ دەرمان نییە

## یەکەی چوارەم

# ئاکار و ڕەوشت

**یەکەم:** شێوازی ئاخاوتن

**دووەم:** هاوڕێکەم ( شیعر )

**سێیەم:** چاکەکردن

# شێوازی ئاخاوتن



سۆما لە پۆلی سێیەم بوو، زۆر حەزی لە خوێندنەوە دەکرد، بۆ ئەو مەبەستە هەندێك جار ڕۆژانەکەی کۆدەکردەوە و کتێب و گۆڤاری منداڵانی پێ دەکڕی. خێزانی سۆما لە دایباب و برایەکی بچوك پێکهاتبوو، هەفتانە کاتێکیان بۆ خوێندنەوە تەرخانکردبوو.

سۆما کە لە خوێندنەوەی کتێبەکەی بەردەستی تەواو بوو، چوو بۆ لای دایبابی، بەڵام ئەوان هێشتا سەرقاڵی خوێندنەوە بوون. سۆما بە باوکی گوت: بابە تەواو نەبوویت؟ ئەی دایە گیان تۆ؟

باوکی کتێبەکەی لەسەر مێزەکە دانا و گوتی: ئافەرین کچم، تۆ کتێبەکەی خۆت زوو تەواوکردووە، دەتوانی پێم بڵێیت ناوەڕۆکی کتێبەکە باسی چی دەکات؟

سۆما گوتی: باسی هونەری گفتوگۆ و شێوازی ئاخاوتن و چەند بابەتێکی تر دەکات.



ڕاسان قسەکەی پێ بڕی و گوتی: من دەمێکە ئەو کتێبەم خوێندووەتەوە.

دایکی بە ئارامی و لەسەرخۆ گوتی: ڕۆڵە قسە بە کەس مەبڕە.

ڕاسان داوای لێبوردنی لێکردن، سۆما دەستیکردەوە بە قسەکردن: باوکە، کتێبەکە باسی ئەوە دەکات کە نابێت، لەکاتی قسەکردن و گفتوگۆدا، قسە بەیەکتر ببڕین، دەبێت هێمن و لەسەرخۆبین.

باوکی گوتی: ئافەرین! بۆ ئەو زانیارییە بەسودانەی لە کتێبەکەوە فێری بوویت.

## چالاکی و ڕاهێنان

### هاوواتاکان

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاخاوتن: | ئاخافتن، قسەکردن، دوان | سەرنجدان: | وردبوونەوە، تێڕوانین |
| کاتێك: | ساتێك، گاڤێ | زانیاری بەسود: | زانیاری بەکەڵك |



## گفتوگۆدەکەین.



* سۆما حەزی لە چی بوو؟

* سۆما بە ڕۆژانەکەی چی دەکڕی؟

* ناوەڕۆکی کتێبی سۆما باسی چی دەکرد؟

* ڕاسان کاتێك قسەی بە سۆما بڕی، دایکی چی پێگوت؟

* ڕاسان بۆچی داوای لێبوردنی کرد؟

* باوکی سۆما بۆچی ئافەرینی لێکرد؟

## لە دەقەکەدا ئەم وشانە دەدۆزمەوە، دەنوسم.

* سێ وشە پیتی (**ک**)یان تێدابێت. ...................... ...................... ......................

* سێ وشە پیتی (**ھ**)یان تێدابێت. ...................... ...................... ......................

* سێ وشە پیتی (**گ**)یان تێدابێت. ...................... ...................... ......................

## وشە لە شوێنی گونجاو دادەنێم.

(باشترین، ڕاستگۆ، وردتر، قوڵتر)

١. لم لە بەرد ........................................ ە.

٢. مرۆڤی ........................................ خۆشەویستە.

٣. دەریا لە ڕووبار ........................................ ە.

٤. ........................................ چیرۆکم خوێندەوە.

## بەپێی پۆلینی ئەم خشتەیە، وشەکان لە شوێنی گونجاو دادەنێم.

(هەنار- خۆر - چیا - گەنم - مانگ - تاڤگە - سێو - دەشت - جۆ - دەریاچە - ترێ - دۆڵ - ئەستێرە - برنج - ڕووبار)

| ئاسمان | ئاو | ڕووی زەوی | دانەوێڵە | میوە |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |

## ناوی دەنگی ئەم گیانداررانە دەنوسم.

ی ئەسپ ........................................ ی بۆق ........................................

ی کەو ........................................ ی مانگا ........................................

ی چۆلەکە ........................................ ی گورگ ........................................

## وشەی (حەزدەکەم/حەزناکەم) لە بۆشایی گونجاو دەنوسم.

١. .................................... کەس ئازار بدەم.

٢. .................................... یارمەتی مرۆڤی بە تەمەن بدەم.

٣. .................................... گوێ لە بەرامبەرەکەم بگرم.

٤. .................................... بە دەنگی بەرز قسەبکەم.

٥. .................................... نمرەی کەم بەدەست بهێنم.

## گفتوگۆدەکەین، دەنوسین.



من ناوم (زێرین)ە دووبەیانی ڕۆژی لەدایکبوونمە، هاوڕێکانم بانگهێشت دەکەم، تا هاوکارم بن، چیم پێویستە؟

.................................................................................................

.................................................................................................

.................................................................................................

.................................................................................................

## خۆشنوسی

نابێت لەکاتی قسەکردن و گفتوگۆدا، قسە بەیەکتر ببڕین.

نابێت لەکاتی قسەکردن و گفتوگۆدا، قسە بەیەکتر ببڕین.

## ڕێنوس

گۆڤاری منداڵان - خێزانی سۆما - شێوازی ئاخاوتن

دایباب - گفتوگۆ و ئاخاوتن - هێمن و لەسەرخۆ

* خێزانی سۆما هەفتانە کاتێکیان بۆ خوێندنەوە تەرخانکردبوو.

### پەندی پێشینان:



# هاوڕێی باش

هاوڕێی باش زۆر پێویستە     دڵسۆز و خاوەن هەستە
لەکاتی تەنگانەدا     وەك خوشك و برا و کەستە
هەرچییەکم پێویست بێ     خێرا هاوکارم دەبێ
بۆیە منیش بە وەفام     بۆ گشت هاوڕێکانم وام
کەسێکی دڵسۆز دەبم     هەتا لەم ژیانەدام.



**ڕەئوف جەمیل**

شاعیر ناوی (ڕەئوف جەمیل)ە: لە ساڵی (١٩٦٢ز) لە سلێمانی لەدایکبووە، دوو کتێبی شیعری تایبەت بە منداڵانی چاپکردووە.

# چالاكی و ڕاهێنان

## هاوواتاكان

| | |
|---|---|
| هاوڕێ: | هەڤاڵ، برادەر |
| هاوكار دەبێ: | یارمەتیدەدات |
| بەوەفا: | دڵسۆز |

## گفتوگۆدەكەین.

* هاوڕێی باش كێیە؟
* هاوڕێی باش لەكاتی تەنگانەدا پێویستە چۆن بێت؟
* تۆ پێویستە لەگەڵ هاوڕێكەتدا چۆن بیت؟
* هاوڕێی باش وەك كێیە؟
* كاتێك هاوڕێیەكەت هاوكاریت دەكات، هەڵوێستت چۆن دەبێت؟

## نیوەدێڕەكەی تر دەنوسم، ڕاڤەیاندەكەم.

| | |
|---|---|
| ................... | دڵسۆز و خاوەن هەستە |
| هەر چییەكم پێویست بێ | ................... |

# چاکەکردن



کات وەرزی زستان بوو، بەفر دارستانەکەی داپۆشیبوو. هیچ گیانداریك لەبەر سەرماوسۆڵ لە دەرەوە نەبوو. جگە لە سمۆرەی گوێقیت نەبێت، لەگەڵ دوو بێچووەکەیدا دەسوڕانەوە، بەفر لانەکەیانی داپۆشیبوو. بۆیە نەیاندەزانی چی بکەن و ڕووبکەنە کوێ! دایکە سمۆرە پێیانی گوت: ڕۆڵەکانم ئارامبگرن، ئەم سەرماوسۆڵە تێدەپەڕێت و ئێمەش بەماڵەکەی خۆمان شاد دەبینەوە. وەرن بۆ ئەوەی سەرمامان نەبێت، باوەش بەیەکدا بکەین و لەسەر ئەم تەپۆڵکە دابنیشین. ئەوان لەم قسانەدا بوون، لە ناکاو کەروێشکە خرپن، لە لانەکەیەوە سەری دەرهێنا و گوتی: ئۆی! ئەوە بەم سەرمایە لێرە چی دەکەن؟

دایکە سمۆرە بە دەنگێکی نوساو و کزەوە وەڵامی دایەوە: لانەکەم و گوێزەکانم بوون بە ژێر بەفرەوە، دیارنین!



کەروێشکە خرپن بەخێراییی گوتی: ئەها! کەواتە فەرموون وەرنە ژوورەوە بۆ لانە گەرمەکەی من.

دایکە سمۆرە و بێچووەکانی بە پەلە خۆیان بە ژوورەکەدا کرد ، دوای ئەوەی خۆیان گەرمکردەوە، زۆر سوپاسی کەروێشکەکەیان کرد. ئینجا لەو خواردنەی کەروێشکە خرپن بۆی دانابوون تێریان خوارد و سپاسگوزار و خۆشحاڵبوون بەو چاکە و هاوکارییەی پێشکەشیانکرا. بەم شێوەیە تا بەفرەکە توایەوە، لە لانەی کەروێشکەکەدا مانەوە و ڕۆژەکانیان بەخۆشی و یاریکردن بەسەردەبرد.

# چالاکی و ڕاهێنان

## هاوواتاکان

گوێقیت: گوێزیت

خڕین: خەپان، خەپە

بێچوو: بەچکە، فەرخە

تەپۆڵکە: گردۆلکە



## گفتوگۆدەکەین.



❊ لە چ وەرزێکدا بەفر دەبارێت؟

❊ بۆچی سمۆرە و بێچووەکانی لە دەرەوە بوون؟

❊ دایکە سمۆرە چی بە بێچووەکانی گوت؟

❊ ماڵی کەروێشکە خڕین لەکوێ بوو؟

❊ کەروێشکە خڕین چۆن پێشوازی لە سمۆرە و بێچووەکانی کرد؟

## وشەکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم.

(لەخوار، لەژێر، لەناو، لەسەر، بەلاماندا)

١. چۆلەکەکە ................................ درەختەکە هەڵنیشتووە.

٢. ئێمە ................................ سێبەری درەختەکە دانیشتین.

٣. کتێبەکانم ................................ جانتاکە دانابوو؟

٤. ماڵی لاوەی هاوڕێم ................................ ماڵی ئێمەیە.

٥. ئۆتۆمبێلەکە ................................ تێپەڕی.

## (تۆ) بۆ خۆت و (ئێوە) بۆ خۆتان بەکاردەهێنم.

| تۆ خوێندت | ئێوە خوێندتان |
| --- | --- |
| ...... گوتـ ...... | ................................ |
| ...... پرسیـ ...... | ................................ |
| ...... برد ...... | ................................ |
| ...... نوسیـ ...... | ................................ |

## وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەینەوە، گفتوگۆدەکەین، دەنوسین.

### وەرزی زستان



١. وەرزی زستان کەی دەستپێدەکات؟

..............................................................

٢. مانگە کوردییەکانی زستان کامانەن؟

..............................................................

٣. ئاووهەوای وەرزی زستان چۆنە؟

..............................................................

٤. لەم وەرزەدا چ میوەیەك دەخۆین؟

..............................................................

٥. کەی وەرزی زستان کۆتایی دێت؟

..............................................................

## وشە لە ڕستەدا بەکاردەهێنم، دەخوێنمەوە.

❋ (کەروێشك)

..............................................................

❋ (گوێز)

..............................................................

❋ (تەپۆڵکە)

..............................................................



بیردەکەمەوە، چیرۆکێک بۆ ئەم وێنانە دەگێرمەوە.



## خۆشنوسی

سمۆرە و بێچووەکانی لە لانەی کەروێشکەکە مانەوە.

سمۆرە و بێچووەکانی لە لانەی کەروێشکەکە مانەوە.

## رێنوس

دایکەسمۆرە - کەروێشکە خرپن - لانە گەرمەکە

لەبەر سەرماوسۆڵ - لەسەر ئەم تەپۆڵکە

❊ دایکە سمۆرە و بێچووەکانی خۆشحاڵبوون بەو چاکە و هاوکارییەی پێشکەشیانکرا.

## پەندی پێشینان:



چاکە بکە و بیدە بە ئاوا.

## یەکەی پێنجەم

# هونەر و ڕۆشنبیری

**یەکەم:** هونەرمەندە بچکۆلە

**دووەم:** تۆپتۆپێن (شیعر)

**سێیەم:** ئینتەرنێت

# هونەرمەندە بچکۆلە



مامۆستا هیوا وانەی هونەری دەگوتەوە، لە ژووری وێنە کێشانی قوتابخانەکەیان، لەتەك کەلوپەلی نیگارکێشان، هەندێ ئامێری مۆسیقاشی دانابوو، قوتابییانی هاندەدا، جگە لە نیگارکێشان، پەرە بە توانا هونەرییەکانی تری خۆیان بدەن.

(پەریا) قوتابییەکی زرنگ و بەهرەداربوو، جگە لە نیگارکێشان حەزی لە مۆسیقاش بوو، بۆیە لە پشووی هاویندا بەشداری لە خولێکی فێربوونی مۆسیقا کردبوو و فێری ژەنینی ئامێری (کەمانچە) ببوو.

مامۆستا گوتی: دەی پەریا، بابزانین لە خولی مۆسیقا چی فێربوویت؟



پەریا دەستی دایە کەمانچە و ئاوازێکی زۆر خۆشی بۆ ژەنین، ماموستا و قوتابییان گەلێ پێی دڵخۆش و سەرسام بوون.

مامۆستا بەخۆشییەوە ڕوویکردە پەریا و گوتی: هەی ئافەرین! هونەرمەندە بچکۆلە، لەم ئاوازە دڵڕفێنە! قوتابییەکانیش هەموویان دەستیان بە چەپڵەلێدان کرد...

قوتابییەك پرسی: مامۆستا هونەرمەند کێیە؟

مامۆستاش گوتی: هونەرمەند کەسێکە لە یەکێ لەم هونەرانە: (وێنەکێشان، مۆسیقا، خۆشنوسی، شانۆگەری و چەندین هونەری تر) بەهرەدار بێت.

قوتابییان بە دەنگێکی نزم لەگەڵ یەکتر کەوتنە گفتوگۆ؛ چۆن بتوانن لە پشوی هاویندا هاوشێوەی هاوڕێکەیان، لە بواری مۆسیقادا پەرە بە توانای هونەرییان بدەن.

# چالاکی و ڕاهێنان

## هاوواتاكان

زرنگ: زیرەك

نیگارکێشان: وێنەکێشان، ڕەسمکردن

ژەنین: لێدان

دڵرفێن: دڵخۆشکەر

خۆشنوسی: جواننوسی، خەتخۆشی



## گفتوگۆدەکەین.



* مامۆستا هیوا مامۆستای چی بوو؟
* پەریا لە خولی هاوینە چی فێرببوو؟
* پەریا چی پێشکەش بە مامۆستا و قوتابییان کرد؟
* هونەرمەند کێیە؟
* تۆ چ بەهرەیەکی هونەریت هەیە؟
* چۆن پەرە بە بەهرەکەت دەدەیت؟

## گفتوگۆدەکەین،ناوی ئامێرەکان دەنوسم.

ئامێرە ژێدارەکان:







.......................... .......................... ..........................

ئامێرە پیستەییەکان:







.......................... .......................... ..........................

ئامێرە فودارەکان:







.......................... .......................... ..........................

## (ئەمانە پێیاندەگوترێت) گفتوگۆدەکەین، دەنوسین.

١. ئەو کەسەی مۆسیقا بژەنێت، ..........................................................................................

٢. ئەو کەسەی چیرۆك بنوسێت، ..........................................................................................

٣. ئەو کەسەی نیگار بکێشێت، ..........................................................................................

٤. ئەو کەسەی پەیکەر بتاشێت، ..........................................................................................

٥. ئەو کەسەی گۆرانی بڵێت، ..........................................................................................

## (ئەو) بۆ خۆی و (ئەوان) بۆ خۆیان بەکاردەهێنم.

| ئەو خوێندی | ئەوان خوێندیان |
|---|---|
| ............ گوت............ | ........................................ |
| ............ پرسی............ | ........................................ |
| ............ برد............ | ........................................ |
| ............ نوسی............ | ........................................ |

## ناوی وێنەکان دەنوسم.






............................ ............................ ............................ ............................

## گفتوگۆدەکەین، ڕستە دەنوسین.

تابلۆ



١. ........................................................................

٢. ........................................................................

٣. ........................................................................

## خۆشنوسی

پەریا ئاواز‌ێکی زۆر خۆشی بۆ ژەنین.

پەریا ئاوازێکی زۆر خۆشی بۆ ژەنین.

## ڕێنوس

ماموستای هونەر- کەلوپەلی نیگارکێشان- خولی فێربوون- پشووی هاوین

* پەریا دەستی دایە کەمانچە و ئاوازێکی زۆر خۆشی بۆ ژەنین.

### وتەی بە نرخ:



# تۆپتۆپێن

ئەی تۆپەکە! فتبۆڵەکە!  
من دێم، لە دەستم ڕامەکە  
تۆ، تۆپی یاریکردنی  
وەك کولەکەی ڕۆحی منی  
وەختێ کە چوویتە ئاسمان  
بانگ کە لەگەڵ من یەك زوبان  
خۆشبێت وەتەن، خۆشبێت وەتەن  
بەرزبێت وەتەن، بەعیلم و فەن



### زێوەر

شاعیر ناوی (عبدالله محمد رسول)ە ساڵی( ١٨٧٥ز)لە سلێمانی لەدایکبووە، لە ساڵی( ١٩٤٨ز) کۆچیدواییکردووە، لە گردی سەیوان نێژراوە.

# چالاکی و ڕاهێنان

## هاوواتاکان

| | |
|---|---|
| ڕوح: | گیان |
| زوبان: | زمان |
| وەتەن: | نیشتمان |
| عیلم: | زانست |
| فەن: | هونەر |



## گفتوگۆدەکەین.



* تۆ حەز لەچ جۆرە وەرزشێك دەكەیت؟
* شاعیر لە شیعرەکەیدا تۆپ بە چی دەچوێنێت؟
* بۆچی ئێمە شانازی بە یاریزانی وریا دەکەین؟
* لە قوتابخانەکەتان پێشبڕکێ دەکەن؟ ئایا تیایدا بەشداریت کردووە؟

## نیوەدێڕەکەی تر دەنوسم، ڕاڤەیاندەکەم.

ئەی تۆپەکە! فتبۆڵەکە! . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . وەك کولەکەی ڕۆحی منی

# ئینتەرنێت



چرۆ و چیا خوشك و بران . زۆر هۆگری ئینتەرنێتن، ویستیان گەڕانێك بەناو جیهانی تۆڕی ئینتەرنێتدا بکەن.

چرۆ: چیا گیان زۆرم پێخۆشە؛ بەڵام با پێشتر دایبابمان ئاگاداربکەینەوە و پرسیان پێبکەین و هیچیان لێ نەشارینەوە.

چیا: هاوڕاتم منیش ئەوەم بەدڵە.

بلەز بۆ لای دایبابیان چوون، ڕایان وەربگرن.

باوك: باشە بەسەرچاوان، بەڵام واچاکە گەڕانەکەتان سنوردار بێت.

دایك: باوكتان ڕاست دەڵێت.

باوك: وا باشترە بچنە ناو ئەو بابەتانەی لەگەڵ تەمەنی ئێوەدا گونجاون و بەباشی سودیان لێوەرگرن.

چرۆ: بابەگیان من تەنها بەدوای گۆرانی منداڵان دەگەڕێم وگوێی لێدەگرم.

چیا: منیش سەیری چیرۆكی منداڵان و كارتۆنە خۆشەكان دەكەم.

باوك: ڕۆڵەكانم واچاكە كاتی دیاریكراوی بۆ تەرخان بكەین، كاتی یاریكردن، خوێندن و دانیشتن لەگەڵ كەسوكارمان فەرامۆش نەكەین.

## چالاكی و ڕاهێنان

### هاوواتاكان

| | |
|---|---|
| هۆگر: | شەیدا، ئاوێزان |
| بلەز: | خێرا، بەپەلە |
| تۆڕ: | شەبەكە، تەون |
| فەرامۆش نەكەن: | پشتگوێ نەخەن |



### گفتوگۆدەكەین.



* چرۆ و چیا چی یەكترن؟
* چرۆ بەدوای چی دەگەڕێت؟
* كێ سەیری چیرۆكی منداڵان و كارتۆنە خۆشەكان دەكات؟
* لە چ كاتێكدا باشە خۆمان بە ئینتەرنێت خەریك بكەین؟

## دژواتاکان دەنوسم.

(بێسنور، ناخۆش، نادیار، لەسەرخۆ)

بلەز × .............................

سنوردار × .............................

دیارکراو × .............................

خۆش × .............................

## بەم ئامێرە بەدوای ئینتەرنێتدا دەگەڕێم، نیشانی (√) دادەنێم.









## چەند ئامۆژگارییەک، دەخوێنینەوە، گفتوگۆدەکەین.

١. ڕێز لە دایبابم دەگرم.

٢. بێ ڕەزامەندی ئەوان هیچ کارێك ناکەم.

٣. خوشك و برای خۆم خۆشدەوێت.

٤. سنوری تەمەنی خۆم نابەزێنم.

## وەک نمونەی یەکەم دەنوسم.

- من گۆڤارەکەم کڕی. - من بەیانی گۆڤارەکە دەکڕم.
- من ئایپادەکەم ........................ - من ........................
- من........................ - من بەیانی چاویلکەکە........................
- ........................ملپێچەکەم کڕی. - ........................
- ........................ - ........................

## نیشانەی(√) یان (×) بۆ ئەم ڕستانە دادەنێم.

١. موگناتیس جۆرێکە لە ئاسن. ☐

٢. لەکاتی خەوتن ئایپاد لەنزیك خۆم دادەنێم. ☐

٣. یاریکردن بە پلاکی کارەبا هیچ مەترسییەکی نییە. ☐

٤. بەردەوام بەکارهێنانی ئامێری تیشکدار زیان بە چاومان دەگەیەنێت. ☐

## وشە ڕیکدەخەم، ڕستە دەنوسم.

* (زۆر، و، چرۆ، ئینتەرنێت، هۆگری، چیا، بوون)

..........................................................................................

* (گۆرانی، گوێ ، مندالان، من، لە، دەگرم)

..........................................................................................

* (سەیری، من، دەکەم، مندالان، چیرۆکی)

..........................................................................................

## خۆشنوسی

چرۆ و چیا خوشك و بران.

چرۆ و چیا خوشك و بران.

## رێنوس

چرۆ و چیا - خوشك و برا - دایباب - یاریكردن و خوێندن

* كاتی یاریكردن، خوێندن و دانیشتن لەگەڵ كەسوكارماندا فەرامۆش نەكەین.



# پێشانگای قوتابخانە







٣
هەندرێن، ئەم تابلۆیەش هەڵواسە.
بەڵێ مامۆستا.


٤
دەستان خۆش
تابلۆکان زۆر جوانن،
وتەیەکی خۆشتان بۆ
دەنوسم.
بەڕاستی قوتابی
بەهرەدارن! پێشانگاکەمان
زۆر بەدڵە.
بەخێربێن بۆ
پێشانگای
قوتابخانەکەمان.
مامۆستا، ئەمانە
دایکم و باوکمن.

# فەرهەنگۆک

| ک.ن | ک.س | گ | ک.خ |
|---|---|---|---|
| پشو | بێن ڤەدان | تەعتیل | تەعتیل |
| هێلانە | هێلین | هیلیانە | لانە، ئاشیانە |
| هاوڕێ | هەڤاڵ | ڕەفیق، هامڕا | ڕەفیق، هاوڕا |
| مەکتەب | خواندنگە | مەکتەب | مەکتەب |
| دڵخۆشبوون | دلخۆشبوون | دڵ وەشییەی | فرح بوون |
| دەدوان | دئاخافتن | قسەکەرینی | مەل یەك وەتن |
| گۆڕەپان | مەیدان | مەیان | مەیدان |
| هۆڵ | هوڵ | هۆڵ | قاعە |
| هۆش | (هش) عقڵ | ئاوەز، هۆش | هوش |
| هەمیشە | هەردەم | هەردەم | هەردەم |
| مەڵبەند | بنگەهـ | بنکە | مەڵوەن |
| پاراستن | پارستن | پاریزنای | پاریزنای |
| هەڵات | هلاتن، ڕەڤین | ڕەما، هورئامای | ڕەمی |
| گچکە | گچك، بچوك | گولانە | دویچك |
| گروپ (دەستە) | کۆم | کو | دەستەجەم |
| بەدەستهێنان | بدستخستن | بە دەست ئادەی، دەس هوستەی | بەدەستهێنان |
| نوێنەر | نوینەر | نوینەر | نمایندە |
| دایباب | دیباب | ئاوتانە | داڵگ و باوگ |
| بەسود | بمفا | عال | فایدە |
| شارەزا | شارەزا | بەڵەو | بەڵەگ |
| ئافەرین | ئافەرین | فرەخاس | ئافەدەم |
| سەرقاڵ | مژیل | مشغوڵ | مشوڵ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ژیر | ژیر، زیرەك | ژیر | عاقل |
| چەك | چەك | تفەنگ | سلاح |
| نیشتیمان | وەڵات | وڵات | مەڵكان |
| شۆشتە | ڕووڕێ (شوستە) | شوستە | پیادەڕەو |
| بەرەوپێشبردن | بەرپێشڤەبرن | وەڵهوستەیی | وەنیویاخستن |
| پارێزگاری | پارێزگاری | پارێزنای | مەیەدبووین |
| گیان بەختكردن | خۆگۆریكرن | گیانبەخشایی | گیانبەخشین |
| بەڵێن | سۆز | وەعد | پەیمان، عەهد |
| ئەرك | ئەرك | ئەرك | واجب |
| سەنگین | گران، خودان ڕێز | سەنگین | سەنگین |
| ماوا | شوێن | ماوا | مەئوا |
| كڵ، كلی چاو | كلێ چاڤی | كڵ | سورمە، كل |
| چاو | چاڤ، چەهڤ | چەم | چەو، چەم |
| كەش، كێو | چەل و چیا | كەش | جەوەڵ، كەش و كێو |
| كۆسار | كۆپ | كۆسار | كۆسار |
| گیا | گیا، گەیا | گیواو | گیا |
| گوێز | گویز، گوز | وەزی | گردەكان، گردو |
| یانە، ماڵ | ماڵ، مال | یانە | خانە |
| وشكەدیوار، دیواری هەڵچنراو بەبەرد | هشكەبەرد | وشكەدیوار | كەڵەك |
| هەموو | هەمی، خڕ، گشت | گرد | گشت |
| سارد | سار | چییە | سەرد |
| ڕەوەز | ڕەڤەز | ڕوەز | ڕەوەز |
| تەلار | كۆچك | تەلار | كۆشك، سەرا |
| فەرەنجی (چۆغ) كۆڵەباڵ | كەپەك | فەرەنجی | فەرەنجی |
| شوێنەوار | شونەوار، شوینەوار | ئاسەوار | ئاسەوار |
| مەزار | مەزار، زیارەت | مەرقەو | مەزار |
| پەیداكردن | پەیداكرن | پەیاكەردەی | پەیداكردن |
| كلتور | كلتور، چاند | قەیمە | كەلتور |

| | | | |
|---|---|---|---|
| دوورینەوە | درون، درونە | درەوی | درەو |
| چاندن | چاندن | نیای | نییان |
| شوشتن | شوشتن | شورتەی | شۆردن |
| ساغ | ساغ | ساق | ساق وسەلیم |
| سەرسوڕمان | مەندەهوشی، گوهتین | سەرسوڕمان، سەرسوڕئامای | واق وڕمان |
| پاپەندبوون | پێگیری | پاپەندبیسەیی | |
| ڕێنمایی | ڕێنمایی | موچیاری | ڕانمای |
| جەستە | قالب، لەش، گیان، لاش | لاشە، تەن، بەدەن | لاشە |
| چارەسەرکردن | چارەسەرکرن | عیلاج کردەیی | تیمارکردن |
| پەرستار | پەرستار | سستەر | پەرستار |
| پەرۆش | مەرەق | مەراق | پەروش |
| خەندە | پشکوڕین، پشکورین | بزە | خەندە |
| پڕش | پڕوشك، فزك | پڕش | |
| نیگەران | خدوك | بێ تاقەتی | نیگەران |
| ڕوخسار | دێم | جەمین، چوڵچەم | جەمین |
| ڕۆژانە | ڕۆژانە | ڕۆژانە | روژانە |
| هێمن | ئێمن | سەروی | ئارام |
| سەرنجدان | بەرێ خۆدان | سەرنج دای | تواڕین |
| ئاخاوتن | ئاخافتن | قسەکەردەی | قسیەکردن |
| هەست | پێ حەسیان | هەست | حس |
| بەوەفا | بـ وەفا | بەوەفا | وەفادار، وەئەمەك |
| نوساو | نوسیای | نوسیای | نوسیایی |
| لانە | هێلین، لاندار، لەند | هیلانێ | لانە، ئاشیانە |
| خڕین، خەپە، خەپان | خڕك | خەپانە | خەپان |
| سپاسگوزار | سپاسگوزار | سپاسگوزار | سپاسگوزار |
| گوێقوت | گوهـ قووت | گۆشقووت | گوش قووت |
| بێچوو، بەچکە | تێژك | بەچکە | بەچە |
| تەپۆڵکە، گردۆلکە | گردۆڵە | تەپۆڵکە | تەپ |

# ناوەڕۆک


پێشەکی ............ ٤

نەخشەی دانانی کتێبی خوێندنی کوردی ............ ٥

لە سەرەتای ساڵەوە ............ ٨

## یەکەی یەکەم

قوتابخانە ................. ٩

**بابەتی یەکەم:** قوتابخانەکەم ............... ١٠

**بابەتی دووەم:** قوتابیم (شیعر) ............... ١٦

**بابەتی سێیەم:** کتێبخانەی قوتابخانە ............... ١٨

**سیناریۆ:** گفتوگۆی نێوان قەڵەم و پاککەرەوە ........ ٢٣




## یەکەی دووەم


نیشتمان ................. ٢٥

**بابەتی یەکەم:** نیشتمانەکەم ............... ٢٦

**بابەتی دووەم:** هەورامان (شیعر) ............... ٣١

**بابەتی سێیەم:** هەجیج .............. ٣٣




# ناوەڕۆک


## یەکەی سێیەم

تەندروستی ................. ٣٩

بابەتی یەکەم: ڕێنمایی تەندروستی ............... ٤٠

بابەتی دووەم: پەرستار (شیعر) ............... ٤٦

بابەتی سێیەم: پەتا ............... ٤٨





## یەکەی چوارەم

ئاکار و ڕەوشت ................. ٥٣

بابەتی یەکەم: شێوازی ئاخاوتن ............... ٥٤

بابەتی دووەم: هاوڕێی باش (شیعر) ............... ٦٠

بابەتی سێیەم: چاکەکردن ............... ٦٢





## یەکەی پێنجەم

هونەر و ڕۆشنبیری ................. ٦٩

بابەتی یەکەم: هونەرمەندە بچکۆلە ............... ٧٠

بابەتی دووەم: تۆپتۆپێن (شیعر) ............... ٧٦

بابەتی سێیەم: ئینتەرنێت ............... ٧٨

سیناریۆ: پێشانگای قوتابخانە ........ ٨٤

فەرهەنگۆک: .............. ٨٦




# ئاو ئایندەیە بەفیڕۆی نادەم.

